www.kurdistannet.org

# جەهل و زبڵ

حەمەسەعید حەسەن

هێژا مەریوانی وریا قانیع

سڵاو

(لێکجیاکردۆتەوە.)(١) وا نانووسرێت. تۆ کە هێشتا فێر نەبوویت (لێک جیا کردووەتەوە) بنووسێت، بۆیە سەیر نییە شتەکان تێکەڵ بکەیت. لێم ببوورە کە پاییزی ١٩٨٤ لە سووورداش، لە بارەگای نووسەرانی چیا، ئەو سەرومختەی سەربازی هەڵاتوو بوویت، بە ئاگاداریی هێژایان: موکری، پەرۆش و کاکەباس کە هەر سێکیان خۆشبەختانە هێشتا ماون، داوات لێ کردم وێنەیەک پێکەوە بگرین، منیش پێم گوتیت: (تۆ ئەگەر خۆت هیچ نەبیت، بە وێنە لەگەڵ من گرتن، نابیت بە شت.)

نووسیوتە: (حەمەسەعید حەسەن لە دۆخێکی بافلۆفیدا دەژی و لەگەڵ ناوی مەلا شکوردا، دەمی پڕ دەبێت لە لیکی پارتی.)(٢)

ئەم قسانەت لە منەوە خواستووە، ئەوە نییە لە ئاداری ١٩٨٩دا نووسیومە: (شاعیر سەگەکەی بافلۆف نییە، هەر کە گوێی لە دەنگی زەنگی بەیاننامەیەک بوو، لیکی شیعر بە زاریدا بێتە خوارەوە؟)(٣)

نووسیوتە: (بەرینی جیهانی ڕۆحی و عەقڵییەکەی حەمەسەعید حەسەن بە قەد بەرینی دوو نوقتەی گومرگی نێوان پارتی و یەکێتی نابێت.)(٤)

ئەم دەربڕینەشت هەر لە من قەرز کردووە، ئەوە نییە من لە (میری جاهیلان)دا گوتوومە: (چونکە جیهان لای بەختیار عەلی هێندە تەسکە لە ینک و پدکدا کۆ دەبێتەوە، پێی وایە ئەوی هەڵەیەکی ینکی دایە بەر ڕووناکی، ئەوە دەرۆزەی سۆزی پدک دەکات؟)(٥)

ئێدوارد سەعید دەڵێت: (خۆم زۆر بە قەرزداری ئیشەکانی میشیل فۆکۆ دەزانم.)(٦) تۆ ئەگەر ئێدوارد سەعیدت ناسیبا، بەردت فڕێ نەدەدایە ئەو کانییەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان قومێک ئاوت لێ خواردووەتەوە، پەلاماری منت نەدەدا کە تا هەنووکەش نووسینم بەشێک لە هەست و نەستی داگیر کردوویت.

تۆ کە جیاوازیی لە نێوان (سیمبۆل و سونبول)دا ناکەیت،(٧) هەق نەبوو قسە لەسەر ئێدوارد سەعید بکەیت! بە تۆ و بە بەختیار عەلی ناتوانن تاقە پەرەگرافێک لە کتێبی (خۆرهەڵاتناسی) بکەنە کوردییەکی ڕەوان، ئیدی کەی ڕەوایە ئێوە ناوی ئەو ڕووناکبیرە مەزنە بخەنە ڕستەوە؟ کە تۆ و بەختیار عەلی نازانن هونەری وەرگێران، بەری چ درەختێکە، نەدەبوو بە کێوی بڵندی باڵای شوکور مستەفادا هەڵشاخێن.

ئێدوارد سەعید دەڵێت: (ئیمپریالیزمی خۆرئاوا و ناسیونالیزمی جیهانی سێ، هەر یەکێکیان لەسەر ئەوی دیکەیان دەژی.)(٨) بۆیە بەختیار عەلی، ئەگەر سووکە ناسیاوییەکی لەگەڵ فیکری ئێدوارد سەعیددا هەبووایە، ئەو بیرمەندەی بە (ناسیۆنالیست) لە قەڵەم نەدەدا.(٩)

من پێشتر هەندێک لە جنێوەکانی بەختیار عەلیم دەستنیشان کردووە،(١٠) بریا تۆش ئەو ئەرکەت کێشابا، ئاماژەت بۆ یەک دوو جنێوی من کردبا. من هیچ نووسەرێکی کورد ناناسم هێندەی بەختیار عەلی وشەی (جاهیل)ی خستبێتە ڕستەوە، هەر بۆیەش ناوی (میری جاهیلان)م لەو نووسینەم نا. ئاخر پێم وایە ئەوی هەمووان بە جاهیل بزانێت، شیاوی ئەو پۆستەیە. بافتی گوتنە هیچ نووسەرێکی کوردیش

www.kurdistannet.org

شک نابەم هێندەی بەختیار عەلی وشەی (زبڵ)ی بەسەر زاردا هاتبێت، بۆیە ناونیشانی ئەم باسەشم، زادەی سەودا و مامەڵەکردنێکی نوێیە، لەگەڵ ئەو گوتە گرنگەی کەسێکدا کە تۆ بە میری خۆتی دەزانیت.
بۆ سەلماندنی هەبوونی خۆت، پێویستت بە کوشتنی باوکت نییە. بە پێشکەشکردنی بەرهەمی مەزن، گەورە دەبیت، نەک بە سووکایەتیکردن بە کەسانی لە خۆت بالاتر. من هەرگیز جنێوم بە ئێوە نەداوە، بەڵام گەلێک جار و هەمیشە بە بەڵگەوە، رەخنەم لێ گرتوون. گرنگترین تێبینییەکانی من لەسەر ئێوە، ئەمانەن:

(١) لە باشترین حاڵەتدا، کۆمەڵێک لاساییکەرەوەن.

(٢) بەردەوام بە بالای یەکدیدا هەڵدەڵێن.

(٣) کوردییەکەتان دەرۆزەی پێ دەشێت.

(٤) خۆتان زۆر پێ گەورەترە لەوەی کە هەن.

(٥) بەرهەمی نووسەرانی فارس و عەرەب خراپ تەرجومە دەکەن و دوای مۆنتاژکردنێکی ناشییانە، بە ناوی خۆتانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

(٦) سوود لە سەرچاوەی عەرەبی یان فارسی وەردەگرن و ئاماژە بۆ ژێدەری ئەورووپایی دەکەن.

(٧) پێش راپەرین نە بە نووسین و نە بە کردەوە، بەرەنگاری بەعس نەبوونەتەوە و تەنانەت هەندێکتان سەروەختی ئەنفال و بای مەرگ، عەسکەریش بوون.

ئەوە تۆی کاک مەریوان، ئاو لە (سەرچاوەی کولتووری بەعسەوە)(١١) دەخۆیتەوە. ئەوە نییە ئەوی پەسنی بەختیار عەلی نەدات، پەڵەی جاهیل و زبڵنووس و جنێوفرۆش بە نێوچاوانییەوە دەنێیت؟ بەعسیش هەر وای دەکرد، هەرچی سەرۆکی بە زێڕ نەزانییبا، غەزەبی لێ دەگرت.

لەگەڵ رێزمدا.

2003. 11. 02

(١) و (٢) و (٤) و (١١) مەریوان وریا قانیع، هاوڵاتی ل ١٢ ژ: ١٤٧ی رۆژی ٢٩/١٠/٢٠٠٣ سلێمانی.

(٣) حەمەسەعید حەسەن، شیعر و هەڵوێست، ل ١٩ چاپی دووەم، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.

(٥) حەمەسەعید حەسەن، میری جاهیلان ٢٢/١٠/٢٠٠٣ سایتی کوردستان نێت.

(٦) إدوارد سعيد، الاستشراق، ت: كمال ابو ديب، ص ٥٦ الطبعه العربيه الرابعه ١٩٩٥ مؤسسه الابحاث العربيه، بيروت.

(٧) حەمەسەعید حەسەن، گوڵەگەنم ١٤/١٠/٢٠٠٢ سایتی دەنگەکان و گۆڤاری گوڵان.

(٨) إدوارد سعيد، الثقافه و الامبرياليه، ت: كمال ابو ديب، ص ٦٨ دار الاداب ١٩٩٧ بيروت.

(٩) بەختیار عەلی، رێز و درۆ، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە (١٤٥) ل (١٢) ١٥/١٠/٢٠٠٣ سلێمانی.

(١٠) حەمەسەعید حەسەن، زەردەخەنەی هەنسک، ل ٩٠ چاپخانەی نینا ٢٠٠٢ ئوپسالا.